ئەگەر یەکێکتان گومانی لە نوێژەکەی هەبوو، نەزانێت چەند ڕکاتی ئەنجامداوە سێ یان چوار؟ با گومانەکەی دووربخاتەوە ونوێژەکەی لەسەر ئەوە دابمەزرێنێت کە لێی دڵنیایە، پاشان با دوو سوجدە ببات پێش ئەوەی سەلام بداتەوە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان گومانی لە نوێژەکەی هەبوو، نەزانێت چەند ڕکاتی ئەنجامداوە سێ یان چوار؟ با گومانەکەی دووربخاتەوە ونوێژەکەی لەسەر ئەوە دابمەزرێنێت کە لێی دڵنیایە، پاشان با دوو سوجدە ببات پێش ئەوەی سەلام بداتەوە، ئەگەر پێنج ڕکاتی ئەنجام دابێت؛ ئەوا نوێژەکەی بەو ڕکاتە جووت دەبێت، وئەگەر هەر چوار ڕکاتەکەی ئەنجام دابێت؛ ئەوا ئەمە سەرشۆڕکردنی شەیتانە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر نوێژخوێن گومانی هەبوو لە نوێژەکەی، ونەیزانی چەند ڕکات نوێژی کردووە، سێ یان چوار؟ ئەوا با ئەگەری ئەنجامدانی ڕکاتە زیادەکە دوور بخاتەوە کە گومانی لێی هەیە، دڵنیایە لەوەی سێ ڕکاتی کردووە ؛ بۆیە ڕکاتی چوارەم دەکات، پاشان دوو سوجدە دەبات لەپێش سەلامدانەوە. ئەگەر ئەوەی ئەنجامی دابێت ؛ چوار ڕکات بێت، ئەوا بە ڕکاتە زیادەکە دەبێتە پێنج ڕکات، ودوو سوجدەی سەهوەکە شوێنی ڕکاتێك دەگرنەوە، بۆیە ژمارەی ڕکاتەکان بە جووت دەبێت نەك تاك، ئەگەر بە ڕکاتە زیادەکەوە چوار ڕکاتی کردبێت ؛ لێرەدا ئەوەی لەسەری واجبە کردوویەتی بەبێ زیاد وکەم. دوو سوجدەی سەهوەکە دەبنە هۆی سەرشۆڕکردنی شەیتان ودوورخستنەوەی بە زەلیلی وبچووکیەوە، ومەبەستی خۆی جێبەجێ نەکرد کە ویستی نوێژەکەی لێ تێکبدات وپوچەڵی بکاتەوە، نوێژی نەوەی ئادەم بەم شێوەیە کامڵ بوو چونکە گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورەی کرد بە سوجدە بردن بۆی ؛ بەڵام ئیبلیس سەرپێچی فەرمانی خودای کرد وگوێڕایەڵ نەبوو کاتێك فەرمانی پێکرد سوجدە ببات بۆ ئادەم.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11231